# جینۆساید و تراژیدیای کورد لە ئەنفالدا

د. سالار حەمە سور باسیرە



خوێنەری بەڕێز:ئەم بابەتەی بەردەستت لەپاڵ کۆمەڵە پڕۆژەیەکی تردا لە چوارچێوەی دوو گەشتی لێکۆڵینەوەی خۆم بۆ کوردستانی عێراق ئەنجام داوە لە سەرەتای مانگی (٩) هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ وە هەروەها مانگی ٢٠٠١/١٠. بۆ ئەم مەبەستە پێنج گەشتی گەرمیانم کرد و وێنەیەکی زۆری فۆتۆگرافی و ڤیدیۆم تۆمار کردوە و کردومەتە بەرنامەیەکی تێروتەسەل بە کاسێتی ڤیدیۆ. ئەم ناوچانەی کوردستانی عێراق هەروەك مرۆڤەکانی مێژویەك و داستانێکی خۆی هەیە. لەبەر فاکتەری خۆی لەو بەروارەدا تەنیا توانیومە لە ناوچەکانی سلێمانی هاتوچۆ بکەم.

٢٠٠٨/٣/١٥

## هەورێکی ڕەش و کوشندە ئاسمانی کوردستانی ئەنفالکراوی گرت

لە کەژێکی بەهاردا، لە کاتێکدا سروشت لە کوردستان وورده وورده بزە و جوڵەی ژیانی دەهاتەوە ناو گیانی و خەڵکی خەریکی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیان بوون لە وڵاتی دێرینی سەدان ساڵەی باووباپیریان، بەڵام لەم ڕۆژانەدا هەورێکی ڕەش و کوشندە و

سامناك بەری ئاسمانی ناوچەکانی ئەنفالکراوی گرت و ڕق و کینەی ڕژێمی بەغدا بەرامبەر بە نەتەوەی کورد خۆی بەسەر ئەم ناوچەیەدا سەپاند. ئا لەو کاتەدا ڕژێمەکەی بەغدا دانیشتوانی ناوچەی کوردستانی دایە بەر شالاوی ئەنفال و دەیان هەزار مرۆڤی بێ گوناهی لە خوێن و فرمێسکدا نوقم کرد و دێهاتەکانیان لەسەر خاکی کوردستانی دایکدا تەفروتونا و تەخت کرد. ئەنفال مانای کۆتایی هێنان بە ژیانی 182 هەزار مرۆڤ، لە مندالْ و ئافرەت و پیر و گەنج بە ناشیرینترین و دڕندەترین و ترسنۆکانەترین شێوە و بێ سەروشوێن کردنیان، چونکە ئەم مرۆڤانە لە گۆڕەپانی شەڕ و پێکداداندا بەدیل نەگیراون. ئەنفال تەنیا یەکێك بوە لە ئامرازەکان لەپال (تعریب و تهجیر و ترحیل) و کیمیاباران و وێران کردنی گوند و ژینگەی کوردستان بۆ لەناو بردنی مرۆڤی کورد، نەتەوەی کورد، نەك بۆ تەمێ کردنی عەشیرەتێك، یان گروپەیەکی کۆمەلأیەتی، یان بنەماڵەیەك بوبێت. بۆ دواجار دایك و مندال و باوك و ئافرەت و پیاویان لە یەکتر جودا کردۆتەوە. بۆ دوا جار ئەم مرۆڤانە مال ئاواییان لە یەکتر کردوە.

تەنانەت مرۆڤ کە فەرمانی لە سێدارەدانیشی ئەدرێ لە دوا خواستی دەپرسن و دەتوانێت بە لایەنی کەمەوە کەسوکاری ببینێت و ئاواتێکی پێش مردنی بێتە دی. ئەم مرۆڤە کوردانە مافی ئەوەشیان نەدانێ و بەو شێوە دڕندانەیە کۆتایی بە ژیانیان هێنراوە. تەنانەت بەزەیی بە مندالّی ساواش نەکراوە، ڕزگار بوونی تاکە کەسێکیش لە ئەنفال لەو کاتەوە بۆتە چیرۆك.

### ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو

ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو. بوومە لەرزە و بورکان و نەخۆشی تاعون و لافاو و ئاگر نەبوو، بەڵکو بەری سیاسەتی قڕ کردنی دەیان هەزار مرۆڤی کورد بوو لەسەر خاکی خۆی لە لایەن کۆمەلێك دڕندەی بەناو مرۆڤەوە بە ئەنجام گەیەندرا. بەلێ کۆمەلێك دڕندەی بەناو مرۆڤەوە. هەربۆیە ئەنفال خالێکی ڕەشە بە ناوچەوانی ڕژێمی بەعسەوەو تاقیکردنەوەی ویژدانی مرۆڤایەتیشە. ئەنفال مەلەفێکی سیاسی و یاسایی گەورە و گرنگە بە دەست کوردەوە بۆ مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی و پێویستە بچێتە ناو کتێب و بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکانەوە، چونکە بۆتە بەشێك لە مێژووی کورد وەك کارەساتی کیمیاباران کە هەلەبجە بوە نمونەیەکی مێژویی بۆی، کە دەولەتێك خاوەن کورسی بێت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و سەرەتاکانی مافی

مرۆڤی ئیمزا کردبێت، کەچی بە بەر چاوی جیهانەوە کوشندەترین چەکی کیمیاوی بەکار بهێنێ و دوچاری لێپرسینەوەش نەکرێ. هەربۆیە کارەساتەکانی کیمیاباران و ئەنفالی ناوچەکانی هەڵەبجە و گەرمیان و بادینان و بێ سەروشوێن کردنی زاڵمانەی هەشت هەزار هاوڵاتی بارزانی تاقیکردنەوەی یاساکانی دامودەزگا نێودەوڵەتیەکانیش بوو.

**بەدۆکیومێنت کردنی تراژیدیاکە**

سەبارەت بە کوشتنی بە کۆمەڵی یەهودیەکان لە لایەن نازیەکانی ئەلمانەوە بە سەدان فیلم و ڕاپۆرتی بەلگەنامە و شانۆ و ڕۆمان وکۆنفرانسی بە خۆوە گرتوە. یەهودیەکان مندالەکانیان و نەوەی نوێ بە شێوەیەك پەروەردە دەکەن هەروەك ئەم کارەساتە ئەمڕۆکە ڕووی دابێت. بە پێی توانای سەردەم پێویستە بە لایەنی کەمەوە مۆزەخانەی تایبەت بۆ کارەساتی ئەنفال بکرێتەوە کە نەوەکانی داهاتووش هەمیشە ئەم کارەسات و تراژیدیا مێژوویيەیان لەبەرچاو بێت و نیشانی میوانانی بیانی و ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتیەکان بدرێت، هەروەك ئەوەی کە یەهودیەکان بۆ مێژووی خۆیان دەیکەن سەبارەت بەو چەند ملیۆن یەهودیەی کە نازیەکان بە ناشیرینترین شێوە جینۆسایدان کردن

**لەکاتی وتووێژ کردنم لەگەڵ قوربانیەکانی ئەنفالدا**

لەکاتی وتووێژکردنم لەگەڵیاندا قوربانیەکانی ئەنفال زۆربەی کات چاودەبڕنە دەرگای دەرەوەیماڵەوەو هەر لەچاوەڕوانی ئەوەدان کە بێ سەروشوێنەکانیان بگەڕێنەوەو هەتا ئەمڕۆکەش هەر بەم هیوایە دەژین. تەنانەت نایانەوێت ددان بەو ڕاستیەدا بنێن کە نەماون. مانای هەموو ڕۆژێکیان مردنێکە، هەموو ڕۆژێکیان ئەنفال کردنێکە. ئەنفال کردنیانە لەوەشدا ئەگەر بە شێوەیەکی فراوان لە لایەنی حکومی و حیزبیەوە پشت گوێ بخرێن.

هەربۆیە بەو هیواو ئاواتەش دەژیم کە زۆرترین ئاوڕ لە قوربانیانی ئەنفال بدرێتەوە (مادی و مەعنەویش)و بەپێی توانا هەوڵی بوژاندنەوەی ناوچە وێرانکراوەکانیان بدرێ و سەنتەری چارەسەری دەرونی و ڕۆحییان بۆ بکرێنەوە، چونکە مرۆڤ لە گیان و لەڕۆح پێکهاتوە و هەردوکیان پێویستیان بە خۆراك و چارەسەری تایبەتی خۆیان هەیە.

ئاخۆ دڵی دایکێك چۆن بێت کە هەمیشە لە فکرو مێشکی دەرناچێت کە چۆن منداڵەکەی کوژراوە و سەگە ڕەشەکان خواردویانە و نەیتوانیوە تەنانەت بە قەبرێکی دیاری کراوی بسپێرێت و شوێنێکی دیاری کراوی هەبێت، کە بەلایەنی کەمەوە بتوانێت سەردانی گۆڕەکەی بکات و بە شێوەی خۆی یادی بکاتەوە. یان ئەو دایك و باوکانەی کە

بە بەرچاوی خۆیانەوە جگەرگۆشەکانیان لەبەر هەتاوی گەرمدا بەعەمودی سوربۆوە بەستۆتەوە بۆ ئەوەی نەك هەر بە تەنیا ئازاری منداڵەکان بدرێ، بەڵکو ئازاری ڕۆحی و گیانی دایكو باوکیشیان بدەن. ئایا جگە لەخۆیان کێ دەتوانێت لە ناخەوە لەم ئازارەیان بە تەواوی بگات، لە ئازاری ئەوەی کە بەشێك لەڕۆح و لە لەشت بە ئازارەوە لێ بکەنەوەو فڕێ بدەن. بەواتا هەموو ساتێکی ئەنفال کردنیەتی هەتا ئەو ڕۆژەی کە خۆیشی بە خاك دەسپێرن، و دڵنیام کە تەنیا لەمردنی کۆتاییاندا بتوانن پشویەکی ڕۆح بدەن. ئێستە ئەوانەی کە زیندون، زیندویەکی مردون. ڕەفتار کردن بە سیاسەتی جینۆساید ڕابوردو و داهاتوی زیندوەکانیان وێران کردو ئازارێکی قوڵییان لە دڵ و هەستیاندا بۆ هەمیشە جێهێشتن. ئەنفال هەر قوربانیانی کەسوکاری ئەنفال ناگرێتەوە، بەڵکو بەشێکە لەنەتەوەی کوردو تەحەدایە بۆ سەرجەم ئەم نەتەوەیە. هەربۆیەش کێشەی هەموو کوردە، هەروەك کارەساتی کیمیاوی. مرۆڤ نابێت بەس تەنیا هەست بە ئازارێك بکات کە خۆی بگرێتەوە. نەخێر دەبێت بچینە ناو قوڵایی ئەم تراژیدیایانەوە، هەموو یەکێکیش لە ئێمە هەست بە ئازار و غەم و پەژارەیان بکات.

دەکرێ هەموو یەکێکی تر لە ئێمە لە شوێنیان بوینایە، چونکە کوردین. مرۆڤ دەست بە چاوی خۆیەوە نەگرێت و بڵێ ئەم شتە پەیوەندی بە منەوە نیە و من ئەنفال نەکراوم، یان گوێی خۆی کپ بکاتو بڵێ من لەکیمیاباران دوور بوم، یان سەری خۆی کز بگرێتو بە خۆی بلێ ئەوانەی لە سێ دارەدراون و ئەشکەنجە و ئازار دراون لەبەر ڕێبازی کوردایەتی چ پەیوەندیەکی بە منەوە هەیە، خۆ من ئەندام یان دۆستی پارتێك نەبووم، بەڵام کە ئەگەر ڕۆژێکیش هات و خۆیشیان برد لەوانەیە ئەوکاتە ئیتر کەس نەمابێت کە بەرگری لەم بکات. ئەوانەی کە وتووێژم لەگەڵ دەکردن فرمێسکم لە چاویاندا بەدی نەدەکرد، چونکە فرمێسکیان نەماوە. بەڵێ گلەیی ئەنفالەکان زۆرن، وئەوانەی کە مردوون ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. بۆیە دەبێت ئەوە ئەرکی زیندوەکان بێت، ئەرکی کەس و هێزە مرۆڤ دۆست و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ بێت، ئەرکی خاوەن ویژدان بێت. هەر یەکێك لەم خێزانانە مێژویەکی خۆی هەیە، هەموشی مێژوی کوێرەوەری و تراژیدیا و خەمە. ئیتر کەمتر، یان زۆرتر.

### ئەنفال وشەیەکە کە ساڵانێکی زۆر بوو بەکارم دەهێنا

ئەنفال وشەیەکە کە ساڵانێکی زۆر بوو بەکارم دەهێنا، هەروەك هەڵەبجە و کیمیاباران، بەڵام هەتا بە قوڵیی نەچومە ناویان هەستم بە ئازاریان نەکرد، کە هەرچەندە

ئەم ئازارەی من نسبیه و تەنیا خۆیان دەتوانن هەستی تەواو بە هی خۆیان بکەن. کوا مافی دایکایەتی کە بە ئازارو خۆشەویستی و هەستی قوڵەوە ئێمەی لەدایك کردوە، و شەونخونیان پێوە کێشاوین، کە لەناو کۆمەڵدا زۆرترین چەوساندنەوەی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوریيان لەسەرە. بەڵێ ئافرەت و منداڵ دوو گروپەی کۆمەڵگان کە دەبێت زۆرترین سەرنج و بایەخیان پێ بدرێ. بۆچی دەبێت لە جیهانێکدا بژین کە زۆردار بێ زۆر بخوات و دەسەلاتدار بێ دەسەلات وێران بکات؟ ئەم یاسای سروشتە لەناو ئاژەڵدا ڕەفتار دەکرێت. ئایا چی وای لە مرۆڤ کردوە کە بتوانێت ئەوەندە دڕندە بێت بەرامبەر هاومرۆڤەکانی، ئایا مرۆڤایەتی چەندە دەتوانێت شانازی بە مێژووی خۆیەوە بکات؟ ئاخۆ دەبێت چەند جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا، یان لەمێژوی نەتەوەکانی سەرڕووی زەمین ئەنفال بەرامبەر بە مرۆڤایەتی کرابێتن، بەلأم لە مێژودا وون بوون، وون بوون، چونکە یان کەسانی لەخۆ بوردوو نەبوون بیان نوسێتەوە، یان ئامرازەکانی تۆمار کردن نەبوە، یان لە لایەن ئەو کۆمەڵە بەناو مرۆڤانەوە وێران کراون و لەناو براون بۆ سڕینەوەی مێژووی قڕکردن هەروەك سڕینەوەی مێژووی نەتەوەیەك و هەوڵی لەناو بردنی ڕوخساری کولتوری و نەتەوەییان. ئایا چەند جار مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا شارستانیەتی دروست کردوەو هەرخۆیشی وێرانی کردۆتەوەو لەناوی بردوە. ئاخۆ چەند منداڵ و ئافرەتیان بە سعودی و ئیماراتیەکان فرۆشتبن و چەندیان دوور لە نیشتمانەوە لێ کردبن بە کۆیلە؟ چەند منداڵ لەعەرەبستان و لەناوچەکانی کەنداو فرۆشراون بۆ کارپێکردن و شوانی و کۆیلایەتی، یان فرۆشتنی بەو خێزانانەی کە منداڵیان نیەو هی تر تەبەنا دەکەن و ئەو مندالأنە ئێستە لە یادیان نەماوە سەر بە نەتەوەی کوردن و زمانی کوردی نازانن. لەیادیان نەماوە کەچ غەدرێکی گەورە بەرامبەریان کراوە.

هەربۆیە دەبێت ئەمە یەکێك بێت لەو فاکتەرە گرنگانەی کە بە توندی پێکەوەمان ببەستێت هەروەك چۆن ئاین و بزوتنەی ڕزگاربوون یەهودی بەتوندی بە یەکترەوە گرێ داوە کە نەتوێنەوە. بۆیە ئەرکی بە تایبەت ئێمەیە بە شوێن چیرۆکی وونبوەکاندا بگەڕێین، بەشوێن داستانی ئەم تراژیدیایانە بگەڕێین و بە دۆکومێنتیات بکەین.

## یەهودیەکان بە کۆماندۆی تایبەت لەولأتەکانی جیهاندا بە شوێن نازیەکاندا دەگەڕان

یەهودیەکان بەکۆماندۆی تایبەت لەوولاتەکانی جیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەڕان و زۆریان لێ دۆزینەوە وەك (هێرمان هێس) لەئەرجەنتین و هێنانەوەی بۆ ئیسرائیل و کردنیان بە عیبرەت بۆ مێژووی مرۆڤایەتی. پاشماوەی ئەنفال کراوەکان بێ دەسەلات و

بیّ دەرامەت و نەخوێندەوارو بیّ هێزن‌و چاوەڕێی ڕۆژانی گەردەلولی تۆڵە سەندنەوەن. تۆڵە سەندنەوە چیە؟ بەواتا دوبارە دروستکردنی حەمامی خوێن، دوبارە چەك بەرزکردنەوەو مرۆڤ کوشتن بە دەستی مرۆڤ. بیّ باوك‌و دایك کردن‌و بیّ مێرد کردنی دەیان هەزاری تر لە منداڵ و لەئافرەتی کوردو عەرەب. دوبارە دروستکردنی ڕق‌و کینەی مرۆڤ بەرامبەر بەمرۆڤ و درێژەکێشان بەم بارودۆخە بۆ ئێستەو نەوەکانی دواتریش.

**( بە چاوی خۆم بینیم کە قوربانیانی ئەنفال ئەوەی لەدوای ئەنفالەوە هەیانە کەمە بۆ ژیان، بەلاّم زۆرە بۆ مردن )**

بەچاوی خۆم بینیم کە قوربانیانی ئەنفال ئەوەی کە لە دوای ئەنفالەوە هەیانە کەمە بۆ ژیان، بەلام زۆرە بۆ مردن. کێشەکانیان کێشەی ئابوری‌و یاسایشە کە ئەنجامی کۆمەلاّیەتی و دەرونیش لەگەڵ خۆی دێنێت. لە ١٩٨٨ وە نەوەیەکی تر دروست بوە کە تەمەنی ئەمڕۆکە ١٤ ساڵەو ئەوەندەی لەسەر ژیان بن دەڵێن کەسوکارمان بیّ سەروشوێنە، یان بەر شالاّوی ئەنفال کەوتون و بە کیمیاوی کوژران. هەروەك وتەکانی منداڵەکەی ئوردوگای شۆڕش لە چەمچەماڵ کە باوکی ئەنفال کراوە و پێی وتم:

**"ئەنفال ئەوەیە کە باوکت سەرنگوم دەکەن و نایبینیتەوە و بیّ باوك دەبیت و زۆر خەفەتی پێدەخۆم".**

دایکی ئەم دوو منداڵە لەبەرنەکردنی وەفاتنامە بۆ مێردە ئەنفالکراوەکەی‌و مارە نەکردنی لەلایەن مەلاو دادگاوە. دوای چاوەڕوانیەکی زۆر شوی کردوە بە پیاوێك لە(...) خۆی وون کردوە و منداڵەکانی دەڵێن نزیکەی پێنج ساڵە دایکی خۆمان نەدیوەتەوە. ئەمە چیرۆکێکی تراژیدیایەکە پێویستە هەرچەندە درەنگیش بێت ئیتر بە جدی وەری بگرین‌و بیر لەچارەسەری یاسایی‌و بنەڕەتی بکەینەوە لە پێناوی ماف مرۆڤدا کە بەجێماوانی ئەنفال منداڵ و ئافرەت بەشێکی نەبچڕاوە لێی

بەڵیّ ئەوە پێناسەی ئەنفال بوو لە دیدی منداڵێکی کوردەوە، هەروەك شادیەی کچە کوردی خەڵکی گوندی سماقەی نزیك تەق تەق کە دەڵیّ:

**" دایکم پێم دەڵیّ کە تەمەنم هەشت مانگان بوە کە باوکم ئەنفال کراوە"، و بە دەموچاوێکی زۆر غەمبار و غەمگینەوە و بەهەستێکی نوقسانەوە دەڵێت:" کە من باوکی خۆم نەدیوە و لەیاد نیە".**

بەجێماوی ئەنفالکراوەکان لەبارودۆخێکی ڕۆحی و مادی وادا دەژین کە دەڵێن بەم شێوە ڕۆح وێرانکراوەی ئەمڕۆمان هەموو ڕۆژێکمان مردنێکەو بریا ئێمەش ئەنفال

بکراینایە. بەتەنیا خستنە ڕووی تراژیدیاکانی ئەنفال لە بەشەکانی میدیا بەس نیە، بەڵکو پێویستە خۆیان بکەونە قسەو تەواوی ناڕەزایی و ڕەخنەو داواکاریەکانیان بخەنە ڕوو وە لەبەر دەم ڕای گشتی دانوستاندن و لێکۆلینەوەیان دەربارە بکرێن و پشت گوێ نەخرێن. لە وتوێژێکی ڤیدیۆدا لەگەڵ بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا بەڕێز دڵخواز کەریم لە سلێمانی بۆ داڵدەدانی ژنان و ئافرەتان کە کێشەی دەرونی و کۆمەلایەتیان هەیە دەڵێت:

**"پێویستە ئەم جۆرە سەنتەرانە لە شوێنەکانی تریش بکرێنەوە بۆ نمونە لە مجمعی سمود. دەلێت: ڕۆژێکیان سەردانی ژنێکی کوردم کرد لەوێ کە خۆی و مێردەکەی بەر شالأوی ئەنفال کەوتبون. مێردەکەیان ئەنفال کردو کوشت و نەگەڕایەوە، و خۆشیان ئیغتساب کردبو... وە لەو کاتەوە کێشەی دەرونی زۆری توش بوە و حاڵی باش نیە. . .**

## جینۆساید لەیاساکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان

جینۆساید ئەمرۆکە وشەیەکی بەربلأوەو لەزمانی یاسادا بەکاردەهێنرێ. وشەیەکی لاتینیەو بەواتای گەل کوژی دێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بەجینۆساید لەلایەن رژێمی نازیەوە بەتایبەت بەرامبەر بەیەهودیەکان کە بەهۆلۆکاوس ناسراوە ئەنجامدراون، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی 1948 بریارێکی دەرکرد سەبارەت بەرێگەنەدان و سزادانی ئەنجامدانی گەل کوژی (جینۆساید). لەیاساکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کە لە1948/12/9 تۆمار کراوەو لەبریاری 260 پەسەند کراوەو لە1951/1/12 بوە بەیاسا، جینۆساید لەگشت خاڵەکانیدا پێناسەکراوە کەبەئامانجی وێران کردنی سەرجەم یان بەشێکی نەتەوەیەك، کەمایەتیەك، ڕەگەزێك یان گروپێکی کۆمەڵأیەتی وئاینی ئەنجام بدرێن. لەناوبردنی عەمدی و نەخشەکێشراو بەرامبەر بەگەلێك، و گروپە کۆمەڵأیەتیەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵأنەی کەئاماژەم پێدان و بەمن شێوەیەی خوارەوە.

أ) ئەنجامدانی زیانی گیانی و رۆحی.

ب)کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵگا.

ج)بەعەمدەن شێوەیەکی تری ژیان بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا بسەپێنیت کە پێشتر دەزانرێت دەبێتە هۆی لەناوبردنی گیانیی سەرجەم یان بەشێکی کۆمەڵگاکە.

د) فەرمان دەرکردن بۆ گرتنەبەری ئیجرائات بۆ رێگا گرتن لە مندال بوون.

جینۆساید بەزۆروکەمی ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ کە ئەو کۆمەڵ کوژە گوناهبار بکرێ بە کرداری کۆمەل کوژی. جینۆساید دەکرێ ئەنجام بدرێ بێ ئەوەی تەنیا یەك

مرۆڤیش تێیدا بکوژرێت. ئەوە بەجینۆساید (گەل کوژی) دانانرێت ئەگەر ئامانجەکە لەوەدا نەبێت گروپێکی کۆمەڵایەتی یان بەشێکی گەلو کۆمەڵەکە وێران بکرێ بەمەرجەکانی جینۆساید کردن ئیتر ژمارەی ئەوانە هەرچەندێك بن کە دەکوژرێن. ئەم ئیجرائاتانەش جینۆساید نیە ئەگەر ئامانجەکەی لەوەدا نەبێت گروپێکی کۆمەڵایەتی بەتەواوی وێران نەکرێ کەسیفەتی نەتەوەیی و ئێتنی و رەگەزیو ئاینی تێدا پێناسە نەکرابێت.

جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ کە لە 1948/12/10 وەرگیراوە بڕیاری ئەوەی تێدایە:... شتێکی جەوهەریە مافی مرۆڤ بە ڕێگای دەسەڵاتی ماف بپارێزرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لە دژی دڕندەیی و چەوساندنەوە ناچاری ڕاپەڕین نەبێت وەك دوا ئامرازی بەرگری کردن لە خۆ. لەبەر ئەوەی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا پارێزراو نەبوە گەلی کورد ناچار بوە لە دژی دڕ ندەیی و چەوساندنەوە ڕاپەڕێتو بەرگری لەخۆی بکاتو وەك دوا ئامراز ڕ ێگای وەڵامدانەوەی گونجاو بۆ خۆی هەڵبژێرێت بەرامبەر بەو دەوڵەتانەی مافەکانی گەلی کوردیان زەوت کردوە. لەمادەی یەکی ئەم بڕ یارەدا هاتوە:"هەموو نەتەوەیەك مافی دیاری کردنی چارەی خۆ نوسینی هەیە... کە لە ئازادیدا گەشە بەمافی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری خۆی بدات". بەواتا پراکتیزە کردنی مافی چارەنوس بەمەرجی بوونی (وجهە نەزەرەکانی) سەرەوە بەندن. مافی چارەنوس بەبەدەست هێنانی سەربەخۆیی کۆتایی نایەت، بەڵکو لەدوای بەدیهێنانو پێدانی تەواوی سەربەخۆیی یا سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو کەلتوری دەبێت. بەدەستهێنانی مافی چارەنوس مەرجێکی پێویستە بۆ مانەوەی فیعلی مافی مرۆڤ و سەربەستیە سەرەکیەکان. بەپێی یاساکە هەموو ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێگای پێدراوە پشتگیری لە مافەکانی نەتەوەی کوردیش بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆ نوسین بکات.

**جینۆساید کردنی هنودە سورەکانی ئەمریکا**

کورد تەنیا گەل نیە لەمێژودا بەر شالاوی جینۆساید کردن کەوتبێت. بەباشی دەزانم تیشێکێك کەمیش بخەمە سەر نمونەی یەکێکی تر لە گەلان. لەسالی ١٤٩٢ ئەمریکا لەلایەن کریستۆف کۆلومبوس دۆزرایەوە. بەپێی تەقدیری زانیارانی کۆمەڵە سەرەتاییەکان کاتی خۆی لەکیشوەری ئەمریکا نزیکەی ١١٠ ملیۆن هنود ژیاون. لەکاتی گەیشتنی ئەوروپیەکان دورگەکانی ئەنتیل لە کەنداوی مەکسیك ٨ ملیۆن هنود، لەمەکسیك خۆی ٢٥ ملیۆن، لەناوچەی ئینکا ٣٠ ملیۆن، لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمڕۆ نزیکەی ١٨ ملیۆن و ئەوانەی تر لە ناوچە گەورەکەی ئەمەزۆنا و کەنەدای

ئەمڕۆکە دەژیان. دوایی کۆلۆنیالیستە ئەوروپیەکان هاتن و کەوتنە قەساب کردنێکی بێوێنەی دانیشتوانی ئەسلیی ناوچەکە کەهنودە سورەکانن. بەتەنیا لە سەروی ئەمریکا ژمارەی هنودەکان لە ١٨ ملیۆنەوە لەسالی ١٥٠٠ و دوای جەنگەکانی هنودەکان لە ١٩٠٠ گەیشتە ٢٥٠ هەزار کەس. ئەم ژمارەیە بە شێوەیەکی خێرایی لە دورگەکانی ئەنتیلن بەدی دەکرا لەو شوێنەی کەدوچاری کاری کۆیلایەتی کران. بەتەنیا لە ٣٥ ساڵدا ژمارەی دانیشتوانی ئەسلیی لەهایتی لە سالی ١٥٠٢ کە بریتی بوە لە ٣ ملیۆن هەتا سالی ١٥٣٧ تەنیا ٢٠٠ هەزاری ماوەتەوە. نرخی ئەسپێکی باش بەقەد ٨٠ کۆیلەی هندی بوو. لەکۆلۆنی(مستعمرە)ی ئینگلتەرەی نویٚ کۆیلەکان دەفرۆشران، ٤٠ پاوەن بۆ هەرە یکێك و دوایی ١٠٠ پاوەن بۆ هەر یەکێکی گەورەی بەتوانا و شەڕ کەر. خراپترین ئەم بارودۆخە ئەو نەخۆشیانەبوون وەك کۆلێرا و مەلاریاو ئاولە و نەخۆشی ساری تر. ئەو نەخۆشیانەی کە هنودەکان بەرهەڵستی سروشتیان نەبوو لەدژی. تەنانەت بەتانی تووش بوو بە نەخۆشییان دابەش دەکرد بەسەر هنودەکاندا بە ئامانجی لەناو بردنیان. لەسەروی ئەمریکا ڕێگای تر گیرایە بەر. لەویٚ هنودەکانیان لەمجمعاتدا تێکترشاندبوو بەسەر یەکدا، ئەو مرۆڤانەی کەخەڵکی ئەسڵی ئەم وڵاتە بوون و ئەم وڵاتە هی ئەمان بوە. لەساڵی ١٩٩٠ ژمارەی هنودەکان دوبارە گەیشتە دوو ملیۆن کە لە ٩٠٪ یان بیٚ کار بوون. ئەوەی بەرامبەر کۆمەلی هنودەکان ئەنجام درا عەمدی و نەخشە کێشراوبوو بۆ لەناوبردنیان.

### بەعس و بەجینۆساید کردنی گەلی کوردستانی عێراق

بەپێی پێناسەکانی ڕ یکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەوەی بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامدرا لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا دەچێتە خانەی جینۆساید کردنەوە، چونکە ئەمیش عەمدیو نەخشەکێشراو بوو بۆ گۆرینی ناسنامەی نەتەوەیی گەلێك لەسەر خاکی خۆی بەهەموو سیفاتە نەتەوەییەکانی خۆیەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەم دەزگا نێودەوڵەتیە بەپێچەوانەی بڕیارەکانی خۆی مامەڵەی کرد لەنەگرتنەبەری ڕێگای سزادانو قەدەغە کردنی رژێمی بەعسی بۆ ئەنجام نەدانی گەل کوژی بەرامبەر بەکورد. ئەوەی کەدەمێنێتەوە لەکۆتایدا بیڵێم ئەوەیە کە دەسەلاتی سیاسی کورد تەقیمی ئەم 17 ساڵەی خۆی بکات ئایا لەڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و دەرونی،لەسەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتی چی بۆ تراژیدیای ئەنفال ئەنجام داوە؟